# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پرۆژەی چاودێریی دۆخی پەروەردە

### دووەمین راپۆرت: گرفتی مامۆستای میلاك لە سنوری پەروەردەی گەرمیان

تشرینی دووەمی 2017

1/12/2017

# پێڕست



| | |
|---|---|
| بەشی یەکەم | ناساندن |
| بەشی دوەم | راپۆرت |
| بەشی سێیەم | راسپاردە |



بەشی یەکەم: ناساندن

1. پێشەکی
2.کارنامەی یەکەکە
3.ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

## 1.پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێك لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.
دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەك زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.
ئێمە لە رادیۆی دەنگ، ساڵی رابردو پرۆژەی دروستکردنی (یەکەی چاودێریی نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)مان هەبو، کە تارادەیەکی باش سەرکەوتو بو لە چاودێرییکردنی کاری ئەو دو نوێنەرەی گەرمیان، بەڵام بۆ ئەمساڵ و لە میانی پرۆژەی رادیۆکەمان بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی NED بەباشمان زانیی یەکەیەکی نوێ پێکبهێنین کە ئەمجارەیان چاودێریی حکومەتی خۆجێیی بکات.
کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، لەماوەی ئەمساڵ دا (24) راپۆرت لەبارەی گرنگترین کێشەو ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاودەکاتەوە بەشێوەیەك هەر کەرتەو مانگەی راپۆرتێك لە بوارێکی دیارییکراو دەبێت.
بۆ مانگی یەکەمی کارکردنی ئەم پرۆژەیە، بۆ بەشی پەروەردە، پرسی ژمارەو جۆر و دابەشبون و کێشەی بینای خوێندنگەو قوتابخانەکانمان کردوە بە تەوەری باس، لەبواری تەندروستیش دا، کێشەی کەمی یان نەبونی پزیشك لە گەرمیانمان دیارییکردوە، ئەمەش بەوهۆیەی کە دو پرس و بابەتی گرنگ و لەهەمان کاتیشدا ئاڵۆز و هەستیارن. ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.
هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.
هەروەك بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاك و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

## 2. کارنامەی یەکە

یەکەم: ناساندن
یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی 2017 دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.
دوەم: ئامانجی یەکە
1. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.
2. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.
3. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.
4. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.
سێیەم: کارەکانی یەکە
1. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.
2. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.
3. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.
4. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.
5. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵك و حکومەت.
چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە
1.لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.
2.پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.
3.وەرنەگرتنی هیچ کۆمەك و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## 3. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوضەی گەرمیان

1. رادیۆی دەنگ:
رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.
لە ساڵی 2010ەوە دامەزراوەو لە بەرواری 6ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.
ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەك گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.
رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (265) لە بەرواری (2010/2/2) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (368) لە بەرواری (2010/2/2) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.
لەئێستادا رۆژانە 24 کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).
رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەلایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.
جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێك چالاکی هونەریی).

2. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانجنەویستی تایبەتە بە گەشەپێدانو پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاراستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.
(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:
گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوك بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.
ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێك قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی:(کەلار و کفری و بەشێك لە قەزای خانەقین.)
لەدوای راپەڕینی ساڵی 1991، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوك کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان، بەشێك لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە،پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوك.
بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی ڕژێمی پێشوی عێراق لەساڵی 2003دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوە بپارێزگای کەرکوك لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێك لە رۆژی 2006/8/6 "ئیدارەی گەرمیان" بپێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2008 بڕیاریدا ئیدارەیگەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

1. دەسپێک:
2. قەبارەی کێشەکە:
3. هۆکاری کێشەکە:
4. ناعەدالەتی لە دابەشکردنی میلاك بەسەر ناوەندەکان دا:
5. ستانداردی جیهانی بۆ ژمارەی فێرخواز بەراورد بە ژمارەی مامۆستا:
6. میکانیزمی دابەشکردنی مامۆستایان بەسەر ناوەندەکانی خوێندن:

## 1. دەستپێك

**گرفتی کەمی مامۆستای میلاك لە سنوری پەروەردەی گەرمیان یەکێکە لە گرفتە دیارەکانی پەروەردە، لە پاش قەیرانی دارایی و وەستاندنی دامەزراندن لە لایەن حکومەتەوە و تەنها ئەنجامدانی هەندێك دامەزراندنی گرێبەست کە لە ساڵی (2015) ئەنجامدراوە، تاوەکو ئێستا هیچ دامەزراندنێکی دیکە نەکراوە ئەمەش کاریگەری زۆری بەسەر پرۆسەی خوێندن و کەمی مامۆستای میلاك لە ناوەندەکان بە جێهێشتوە، ئەمەش گرفتی دروست کردوە بۆ پرۆسەی خوێندن.**

**لەسنوری پەروەردەی گشتی گەرمیان (86) هەزار قوتابی/ خوێندکار بونی هەیە، لەبەرامبەر ئەو رێژە زۆرەی قوتابی و خوێندکار لە هەرسێ پەروەردەی کەلار و کفری و خانەقین و پەیمانگای راهێنان و گەشەپێدان و کەرکوك (10556) مامۆستا بونی هەیە بە ئامادەی و بنەڕەتی و باخچەی ساوایانەوە، لە قەزای کەلار بە ناحیەکانی ( رزگاری و پێباز و شێخ تەویل) سەرباری ناحیەکانی (مەیدان، کۆکس، بەمۆ و قۆرەتو)، (5713) مامۆستا بونی هەیە بە ئامادەیی و بنەرەتی و باخچەی ساوایان، لە قەزای کفریش بە ناحیەکانی (سەرقەڵا، نەوجول، ئاوەسپی، زینانە و جەبارە)، (1206)**

**مامۆستای ئامادەیی و بنەڕەتی و باخچەی ساوایان بونی هەیە، لە قەزای خانەقینیش بە ناحیەی قەرەتەپەوە (3370) مامۆستا بونی هەیە، لە پەیمانگای راهێنان و گەشەپێدان (44) مامۆستامان هەیە ، لە کەرکوکیش (169) مامۆستای تەنسیبمان هەیە.**

| | کەلار | کفری | خانەقین |
|---|---|---|---|
| ژمارەی مامۆستایان | 5926 | 1206 | 3370 |

**⋆ لە کۆی ژمارەی مامۆستایانی کەلار (44) مامۆستایان فەرمانبەر بون و پەیمانگای راهێنان و گەشەپێدانیان خوێندوە و بون بە مامۆستا.**
**⋆ لەکۆی ژمارەی مامۆستایانی کەلار (169) مامۆستایی تەنسیبی کەرکوکن و لەسەر پەروەردەی کەلارن.**

## 2.قەبارەی کێشەکە:

**گرفتی مامۆستای میلاك لە سنوری بەرێوەبەریەتی پەروەردەی گەرمیان بەشێکی زۆری ناوەندەکانی خوێندنی گرتوەتەوە، ئەگەر چی لە خودی کەلار و ناحییەی باوەنور و دەوروبەری گرفتەکە بە شێوەیەك چارەکراوە و میلاکی رێکخراوە، بەڵام لە ناحییەی رزگاری و قەزای کفری و دەوروبەری گرفتەکە بونی هەیە.**
**عەدالەت لەتیف عوبەید، بەرێوەبەری پەروەردەی کەلار، سەبارەت بە بونی گرفتی مامۆستای میلاك لە ناوەندەکانی خوێندن دەڵێت: "لە سنوری پەروەردەمان گرفتی میلاك هەبو، بەڵام ئێستا کەم بوەتەوە بەتایبەت لە ناو شاری کەلار و ناحیەی باوەنور نەماوە تەنها چەند حاڵەتێك نەبێت کە بونی هەیە، بەڵام لە ناحیەی رزگاری ئەو گرفتە زۆرە بە هۆی ئەوەی بەشێکی زۆری ناوەندەکانی خوێندنیان بوەتەوە بە سێ دەوامی، لە ئێستادا لیژنەمان پێکهێناوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە و میلاکاتیان رێکدەخەینەوە وەك چۆن شاری کەلارمان رێکخستەوە."**

وتیشی: "بۆ ماوەی چەند ساڵە غەدر لە مامۆستا دەکەن ئێستا من بوم بەبەرێوەبەری پەروەردە هەموی هاتوەتە سەر من، بۆیە منیش لە رێگەی فۆرمەوە ئەو رێکخستنەمان ئەنجامدا لە نێو مامۆستایان بۆ هەر بابەتێك داوامانکرد کە پێویستمانە لە ناوەندەکان، مامۆستایانیش داوایان پێشکەش کرد ئێمەش بە پێی ساڵەکانی خزمەت لەو جێگایانە میلاکمان دانا کە پێویستمان بو بە دو وەجبە ئەم گرفتەمان چارەکرد لە ناو شاری کەلار، بۆ ناحییەی رزگاریش بەهامان پلان ئەو کارە ئەنجامدەدەین."

کەمی ژمارەی مامۆستایان بەراورد بە زۆری ژمارەی فێرخوازان بە یەکێك لە گرفتە دیارەکانی پەروەردە دادەنرێت و قەیرانی داراییش هێندەی دیکە چارەسەرکردنی ئەم گرفتەی قورسکردوە.

ئەیاد مەحەممەد ساڵەح، بەرێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی (زرنگ) لە ناحیەی رزگاری، سەبارەت بە کێشەی میلاك لە قوتابخانەکەی دەڵێت: "ئێمەش وەك تەواوی خوێندنگەکانی دیکە کێشەی میلاکمان هەیە بەهۆی ئەوەی ناوەندەکەی ئێمە تازە کراوەتەوە لە ساڵی (2014)ەوە، لە دوای ئەوەش دامەزراندن نەما کێشەی میلاکم زۆر زۆر بو، ئەوانەشی کە هەمان بون میوان بون واتە (تەنسیب)، بۆیە ساڵانە لەگەڵ هاتنەوەی ساڵی نوێی خوێندن گرفتی نەبونی مامۆستام بۆ دروست دەبویەوە چونکە لەگەڵ تەواو بونی خوێندن دەرۆشتن، بەڵام ئەمساڵ میلاکم باشتر بوە لە چاو ساڵانی رابردو ئێستا تەنها (2) بابەتم تەنسیبن ئەویش (عەرەبی و کوردی)یە."

وتیشی: لە ئیستادا مامۆستایەکی میلاکی (ئینگلیزی)م پێویستە، بۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشایەی کە هەمانە لەو بابەتەدا بۆ یارمەتی دەری مامۆستاکانی تری ئەو بابەتە.

لەسنوری پەروەردەی کەلار لە خودی ناو شار ئەگەرچی خراپی دابەشبونی میلاك بەسەر ناوەندەکانی خوێندن چارەکراوە، بەڵام لەپاڵ ئەمەش لە زۆرێك ناوەندەکان مامۆستای میلاکی پسپۆری بابەتەکان بەتایبەت ئامادەییەکان گرفتی هەیە.

عەبدولکەریم مەحمود مەحەممەد، بەرێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی (گەرمەسێر) لە قەزای کەلار دەڵێت: "لە روی میلاکاتەوە قوتابخانەکەی ئێمە کێشەیەکی ئەوتۆی نیە، تەنها ئەوە نەبێت کە یەك مامۆستای فیزیام هەیە، ئەمەش بارگرانی زۆری بۆ دروست کردوین و کاریگەری زۆری هەیە لەسەر مامۆستاکەش و قوتابخانەکەش".

وتیشی: داوام لە پەروەردەکرد و مامۆستایەکی بۆ دابین کردین ئەگەر چی بە دابین کردنی تەنها مامۆستایەك کەمێك گرفتەکە چارە دەبێت، بەڵام چارەسەری تەواو نیە، چونکە تەنها ئەتوانێت قۆناغێکی خوێندنمان بۆ چارە بکات، بۆیە پێویستە هەر قوتابخانەیەك (3) مامۆستای پسپۆری بۆ

**هەر بابەتێك هەبێت". جەختیشیکردەوە: "بەهۆی خراپی دابەشکردنی میلاکات بەسەر ناوەندەکانی خوێندن بەشێکی زۆری قوتابخانەکان گرفتیان هەیە لە میلاکاتدا".**

**ئەگەرچی لە هەندێك لە ناوەندەکانی خوێندی گرفتی کەمی میلاك قەبارەکەی گەورە نیە، بەڵام ئەوەی گرفتە مامۆستای زۆرێك لە بابەتەکان کەمن بەتایبەت بابەتە زانستیەکان، بۆ پرکردنەوە ئەو گرفتەش بەهۆی نەبونی دامەزراندن مامۆستای وانەبێژ دابین دەکەن.**

**یونس هیدایەت قاسم، بەرێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی (کفری) لە قەزای کفری دەڵێت: "ئەمساڵ لە چاو ساڵانی پێشوتر کێشەی ئەوتۆمان نیە لە میلاکدا، بەڵکو تەنها پێویستم بە یەك مامۆستای بیرکاری هەیە، چونکە تەنها (1) مامۆستای میلاکی بیرکاریم هەیە، کە داواشم لە پەروەردەی کفری کرد ئەوانەشی کە بۆیان دابین کردم وانەبێژن لە کاتێکدا دەبوایە میلاك بوایەن."**

**وتیشی: ئەگەر چی وانەبێژەکان بەشێکی زۆری گرفتەکانیان بۆ چارەسەرکردوین، بەڵام وەك میلاك نابن، چونکە هەرکات بیانەوێ واز دەهێنن لە دەوام، لەگەڵ ئەوەشدا لە کۆتای ساڵی خوێندن وادەیان تەواو دەبێت بۆیە بۆ ساڵی داهاتوی خوێندن هەمان گرفت دروست دەبێتەوە. هەروەها ئەوەشی وت: هۆکاری هەمو ئەم گرفتانە خراپی دابەشکردنی میلاکە لەگەڵ نەبونی دامەزراندن.**

**لە یاسای وەزارەتی پەروەردەدا ئەو گرفتانەی کەلە میلاکدا هەیە لە قۆناغی ئامادەیی هەربابەتەو پسپۆری خۆی دەبێت بیڵێتەوە، بەڵام لە قۆناغی بنەرەتی پێچەوانەیە دەتوانرێت مامۆستای پسپۆری بابەتێك بەبەتێکی دیکە بڵێتەوە.**

**ئاری هیشام محەمەد، بەرێوەبەری قوتابخانەی (وەفایی) بنەڕەتی لە قەزای کەلار، سەبارەت بە گرفتی میلاك لە ناوەندەکانی خوێندن دەڵێت: "بونی گرفتی میلاك لە ناوەندەکانی خوێندن ئەوەیە کە بە خراپی دابەش بون بەسەر ناوەندەکان لە ساڵانی رابردو، ئەگەر بە شێوازێکی باش رێکبخرێنەوە کە ئێستا پەروەردەی کەلار دەستی داوەتێ بروا ناکەم گرفتی ئەوتۆ هەبێت، بەس تەنها گرفت کە هەبێت لە ناوەندەکانی خوێندن ئەوەیە کە بەشێکی وانەکان ئەو مامۆستایانەی کە ئەیڵێنەوە مامۆستای وانەکان خۆیان نین بە تایبەت (بیرکاری و زانست)، چونکە مامۆستای ئەو وانانە کەمن.**

**لە هەندێك لە قوتابخانەکانی سنوری پەروەردەی گەرمیان مامۆستای میلاك بونی نیە لە یەکێك لە بابەتەکان ئەمەش بەهۆی نەبونی دامەزراندن یاخود بەهۆی خراپی دابەشکردنی مامۆستای میلاکە بەسەر ناوەندەکان.**

**بەختیار محەمەد عەلی، بەرێوەبەری قوتابخانەی سەرقەڵای بنەڕەتی لە ناحیەی سەرقەڵای سەر بە قەزای کفری، سەبارەت بە گرفتی میلاکی مامۆستایان دەڵێت: "بەرێوەبەری دو دەوامم کێشەی**

**میلاکمان هەیە بەتایبەت لە یەکێك لە دەوامەکانم مامۆستای میلاکی (ئینگلیزی)م نیە و بۆ ماوەی سێ ساڵە بە وانەبێژ ئەو گرفتەمان چارە کردوە، لەگەڵ ئەوەش لە دەوامەکەی ترمدا هەمان گرفتی مامۆستای (ئینگلیزی)م هەیە بەڵام باشترە".**

**ئاماژەی بەوەشکرد: ئەم گرفتە تەنها ئەمساڵ نیە، بەڵکو ساڵانی پێشوش هەبوە و ئەوەتا ئەمساڵیش بەردەوامە "راستە گرفتەکە بە وانەبێژ چارە کراوە، بەڵام دیارنیە بۆ ساڵی داهاتو چی دەبێت، چونکە وانەبێژەکان لەگەڵ تەواو بونی ساڵی خوێندن کاتی ئەوانیش تەواو دەبێت، بۆیە من ئێستا لە هەردو دەوامەکەم پێویستم بە مامۆستای میلاك هەیە لە بابەتەکانی: (کوردی، بیرکاری، ئینگلیزی و عەرەبی).**

**سەبارەت بە دامەزراندن و دابینکردنی مامۆستای میلاك لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە، بەرێوەبەری گشتی ئەوەشی ئاشکرا کرد: لە ساڵی (2015) وەزارەتی پەروەردە (195) مامۆستای بە گرێبەست نەك میلاك دامەزراندوە بۆ سنوری پەروەردەمان، بەڵام ئەم ژمارەیە زۆر کەم بو بۆ ناوچەیەکی فراوانی وەك گەرمیان، هەروەها لە دوای ئەو ساڵەش دامەزراندن نەکراوە و ئەمەش گرفتی زۆری بۆ ئێمە دروست کردوە لەکاتێکدا دیاریش نیە کە دامەزراندن کەی دەست پێدەکاتەوە، تەنها ئەوە نەبێت ئەمساڵ بۆ ئەم ناوچە زۆرەی وەك گەرمیان 9 فۆرم دانراوە بۆ گرێبەست من چۆن ئەمە دابەش بکەم بە سەر پەروەردەی کەلار و کفری؟ ئەو هەمو گرفتەمان هەیە لە ناوەندەکان بۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشایە بە وانەبێژ چارەمان کردوە".**

**شاناز سەعید ساڵەح، مامۆستای بیرکاری لە ئامادەیی هەواسان لە ناحیەی مەیدان، دەڵێت: "لە کێشەی میلاك پشکی شێر بەر من کەوتوە ئەویش ئەوەیە بە هەرسێ قوناغی ئامادەیی وێژەیی و زانستیی، تەنها من مامۆستای بیرکاریم، لەکاتێکدا گرێبەستیشم نەك میلاك".**

**وتیشی: "جگە لە بیرکاری وانەی کۆمپیوتەریش ئەدەمەوە، مامۆستای وەرزش هاوکاری کردوم هەندێك وانەی کۆمپیوتەری وەرگرتوە و ئەیڵێتەوە، ئەمەش زۆر سەختە بۆ من بەتایبەت بیرکارییەکە، چونکە لە رۆژێکدا چوار کتێبی جیاواز ئەڵێمەوە."**

**وتیشی: داوام لە سەرپەرەشتیارەکەم کردوە کە هاوکاریم بکات و مامۆستایەکم بۆ دابین بکەن، کەچی تورەبوو پێی وتوم دامەزراندن نیە و تۆ گرێبەستی ئەبێت هەمو شت قەبوڵ بکەی ئەگەر وانەبێت لە ماوەی هەفتەیەك گرێبەستەکەت هەڵدەوەشێتەوە و منیش ناچارم چاوەڕوانبم تا بزانم مامۆستایەك دابین دەکەن یاخود نا.**

**هێمن ئەحمەد جەعفەر، مامۆستا لە قوتابخانەی بنەڕەتی شێخ حسێن لە ناحیەی رزگاری، سەبارەت بەکەمی میلاك و گرفتەکانی لە ناوەندەکانی خوێندن دەڵێت: "من بەشی کۆمەڵایەتیم تەواو کردوە و وانەی بیرکاری ئەدەمەوە، کە یەکەم جار ناوم هاتەوە لەلادێ وانەی بیرکارییان پێدام چونکە مامۆستای کۆمەڵایەتی زۆر بو مامۆستای بیرکاری کەم ب و بەوشێوەیە ماوەی (3) ساڵ بەردەوام بوم، کە گواسترامەوە ناو شار هەر وەك مامۆستای بیرکاری نەك کۆمەڵایەتی ئەوە بۆ ماوەی (4) ساڵیشە هەر لە ناو شار وانەی بیرکاری ئەڵێمەوە."**

**خالد ئەحمەد سلێمان، مامۆستای فیزیا لە ئامادەیی گەرمەسێر دەڵێت: "کێشەی میلاك لە هەمو ناوەندەکانی خوێندن هەیە، لە ناوەندەکەی ئێمەش کێشەی میلاکی فیزیامان هەیە کە بەس خۆمم بە تەنها ئەمەش بارگرانی زۆری دروست کردوە بە سەرمەوە، بۆیە داوامان کردوە کە مامۆستایەکی تری فیزیامان بۆ دابین بکەن، بەوتەی خۆیان مامۆستایەکیان بۆ دابین کردوین ئەگەر چی ئەو مامۆستایە هیچ لە بارگرانی من کەم ناکاتەوە، چونکە تەنها دەتوانێت فریای پۆلی دەیەمەکان بکەوێت."**

**ئاماژەی بەوەشکرد: بە دابین کردنی مامۆستایەك بۆ هاوکاری من بەشێك لە گرفتەکە چارەسەر دەکات و پۆلی دەیەکان وەردەگرێت، بەڵام ئەمە چارەسەری تەواو نیە، چونکە ئامادەییەکان پێویستە هەر قۆناغێك و مامۆستای خۆی هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانین بە باشی ئەو پەیامەی پێمانە بگەیەنین بە خوێندکارەکانمان".**

**ئیسماعیل سەمین فەرەج، بەرێوەبەری پەروەردەی کفری سەبارەت بە گرفتی میلاك لە ناوەندەکانی خوێندنی سنوری پەروەردەی دەڵێت: "پەروەردەی کفری وەك تەواوی پەروەردەکانی تر کێشەی میلاکمان هەیە لە تەواوی بابەتەکان لە دەرەوەی شار ئەم گرفتەمان زیاترە وەك لە خودی کفری، هۆکاری ئەمەش نەبونی دامەزراندنە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتەش پەنامان بۆ وانەبێژ بردوە و بە شێوەیەکی کاتی گرفتەکەی بۆ چارە کردوین."**

**وتیشی: "بونی وانەبێژ لە ئیستادا زۆر گرنگە و هیچ جیاوازییەك نابینمەوە لە نێوان وانەبێژ و میلاك تەنها ئەوەیە کە ئەم جێگیرە وانەبێژ کاتییە، ئەگینا لە روی زانستیەوە وانەبێژەکان زانیارییان زیاتر هەیە بۆیە لە ئیستادا وانەبێژەکان زۆر باشن بۆ چارەکردنی ئەم گرفتە".**

**زەینەڵ رەشید سادق، سەرپەرەشتیاری یەکەم لە پەروەردەی کەلار، سەبارەت بە پرسی میلاکات دەڵێت: "گرفتی مامۆستای میلاکات لە ناوەندەکانی خوێندن بونی هەیە و بەتایبەت ناحییەی رزگاری و قەزای کفری، ئێمە وەکو سەرپەرشتیارانی کەلار هەر گرفتێك لە ناوەندەکانی خوێندن**

**هەبێت لەگەڵ هاورێیانم دادەنیشین تاوتوێی بابەتەکە دەکەین بە میلاکاتیشەوە دواتر بە راپۆرتێك ئاراستەی پەروەردەی دەکەین".**

**وتیشی: ئێمە لەرێگەی لیژنەی تایبەت کە بەرێوەبەری پەروەردەی کەلار سەرپەرەشتی دەکات هەستاین بەرێکخستنەوەی میلاکات لە سنوری پەروەردەمان لە کەلار ئەو گرفتە چارەکراوە تەنها ئەوە نەبێت لە هەندێك بابەت پێویستمان بە مامۆستای پسپۆر هەیە بەتایبەت بۆ ئامادەییەکان ئەوانیش بە وانەبێژ چارەمان کردوە بۆماوەیەکی کاتی، بەڵام لە ناحییەی رزگاری پلانمان بۆ داناوە ئەویش چارە بکەین".**

**محێدین ئەحمەد مەحەمەد، سەرپەرەشتیاری ئینگلیزی بنەڕەتی لە پەروەردەی کەلار، سەبارەت بە کەمی مامۆستای میلاك دەڵێت: "هۆکاری کەمی مامۆستای ئینگلیزی لە ناوەندەکانی خوێندن ئەوەیە هەر ساڵەو مەنهەجی خوێندن گۆڕانکاری بەسەردێت و بەشێك لە بابەتەکان بە ئینگلیزی دەکرێن، بێگومان ئەمەش مامۆستای پێویستە بۆیە ئەمەش وایکردوە مامۆستای میلاکی ئینگلیزی کەم ببێتەوە، بەڵام لە ئاستێکی خراپیش نیە، هۆکاری ئەمەش نەبونی دامەزراندنە لەماوەی ئەم ساڵانەی رابردو".**

**وتیشی: لە بەشێکی لادێیەکان پسپۆری ئینگلیزی کەمە یاخود هەر نیە، بەڵام ساڵی پار بە تێکەڵ کردنی هەندێك لە گوندەکان باش بو کەمێك گرفتەکەی چارەکرد لە هەندێك لە ناوەندەکان، بەڵام ئەمساڵ بە کردنەوەی هەندێك لەو قوتابخانانەی لادێیەکان دیسان گرفتەکەی نوێ کردەوە.**

## 3. هۆکاری کێشەکە:

**قەیرانی دارایی و سیستەمی پاشەکەوتی موچە یەکێکە لە گرفتی نەبونی مامۆستای میلاك لە ناوەندەکان، بەهۆی ئەوەی مامۆستایان ئەو موچەی وەریدەگرن بەشی بژێوی ژیانیان ناکات ناچار هەوڵ دەدەن بگوازنەوە نزیکترین ناوەند لە ماڵەکانیان ئەمەش کەلێن دروست دەکات.**

**عەلی ئەحمەد رەحمان، بەرێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی (پێباز) لە ناحیەی باوەنوری سەر بە قەزای کەلار، سەبارەت بە کەمی مامۆستای میلاك دەڵێت: "هۆکاری بونی گرفتی مامۆستای میلاك لە قوتابخانەکەمان ئەوە بو چەند مامۆستایەکی کەلاریمان هەبو بەهۆی قەیرانی دارایی و کەمی موچەکەیان نەیان دەتوانی هاتوچۆ بکەن، بۆیە گواستیانەوە بۆ ناو کەلار ئەمەش گاریگەری بەدوای خۆی جێهێشت بەسەر قوتابخانەکەمانەوە، ئەو بابەتانەشی کە مامۆستای میلاکمان نیە بە وانەبێژ پڕمان کردوەتەوە."**

**وتیشی: لە بابەتی بیرکاری گرفتی میلاکمان هەیە چونکە تەنها یەك مامۆستام هەیە لەو بابەتە، بۆ هاوکاری ئەویش مامۆستایەکی کۆمپیوتەر وانەی بیرکاری ئەڵێتەوە، لەگەڵ وانەبێژێکی تری بیرکاری ئەمە بەشێوەیەکی کاتی گرفتەکەی چارە کردوە، هەروەها (2) وانەبێژی بابەتی (احیا )مان هەیە لە کاتێکدا ئەبوایە ئەو مامۆستایانە میلاك بونایە نەك وانەبێژ، لەگەڵ ئەوەش چەندینجار داوای مامۆستای میلاکم کردوە بەلام بەهۆی نەبونی دامەزراندنەوە ناچارین ئەو گرفتانەی کە هەمانە بە مامۆستای وانەبێژ پری بکەینەوە.**

**حسین محەمەد حەسەن، بەرێوەبەری قوتابخانەی ئامادەی سۆلافی کچان لە قەزای کفری، دەڵێت: "قوتابخانەکەمان بەدەر نیە لە کێشەی میلاك وەك ناوەندەکانی تری خوێندن، بەڵام گرفتی ناوەندەکەی من کەمترە لە چاو ناوەندەکانی تری خوێندن، تەنها ئەوە نەبێت پێویستم بە مامۆستایەکی (فیزیا)یە، هۆکاری کەمی گرفتی میلاکیش لە ئامادەییەکان ئەوەیە ئەبێت مامۆستای پسپۆر وانە بڵێتەوە وەك بنەڕەتی نیە."**

**وتیشی: بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە پەیوەندیم بە پەروەردەی کفرییەوە کرد مامۆستایەکیان بۆ دابین کردم بە وانەبێژ، بۆیە بەشێکی گرفتەکەی بۆ چارەکردوم لە ئیستادا ئەگەرچی پێویستم بە مامۆستایەکیتری فیزیا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا دەزانم دیسان بۆ ساڵی داهاتو هەمان گرفتم دەبێتەوە چونکە مامۆستاکەم وانەبێژە نەك میلاك.**

**لوقمان ئەحمەد مەحەمەد، بەرێوەبەری قوتابخانەی (شێخ حسێن)ی بنەرەتی لە ناحیەی رزگاری سەر بە قەزای کەلار سەبارەت بە کێشەی میلاك لە ناوەندەکانی خوێندن دەڵێت: "لە قوتابخانەکەی من ئەمساڵ لە چاو ساڵانی پێشوتر کێشەی میلاك باشترە، هۆکاری گرفتەکەش ئەوەیە کە مامۆستای میلاك نەدەهات ئەوانی کە دەهاتن میوان بون واتە (تەنسیب)، لە کاتی تەواوبونی ساڵی نوێی خوێندنیش دوابەدوای ئەوە دەگەڕانەوە ناوەندەکانی خۆیان ئەوەش کێشەی زۆری بۆ دروست کردم."**

**وتیشی: ئێمە کێشەی کەمی مامۆستای کوردی (ئەلف بێ)مان هەیە، بەڵکو رو لە نەمان دەکات، چونکە بە نەمانی پەیمانگای دو ساڵی مامۆستایان ئەم گرفتەی پەرە پێدا، بۆیە ئەوانی کە ئێستا مامۆستای کوردین وانە بە پۆلی (یەك و دو و سێ) بنەرەتی ناڵێنەوە وەك پێویست خۆیانی لێنادەن، وەك خۆیان دەڵێن ئێمە شەهادەی بەکالۆریۆسمان هەیە.**

**ئاماژەی بەوەشکرد: من لە ئێستادا (21) پۆلم هەیە، لەگەڵ ئەمەشدا پێویستم بە (2) مامۆستای دیکە هەیە لە بابەتەکانی (زانست و بیرکاری)، بەتایبەت بیرکاری چونکە پۆلی هەشت و نۆی بنەرەتی مامۆستای پسپۆری بیرکاری خۆی نیە، مامۆستایەکی کۆمەڵایەتی وانەی بیرکاریمان بۆ ئەداتەوە.**

**لەبارەی هۆکاری بونی ئەو فشارە زۆرەی لەسەر پەروەردەی کەلارە لەروی میلاکاتەوە، عەدالەت لەتیف، بەڕێوەبەری پەروەردەی کەلار ئەوەی وت: بونی ئەو فشارە زۆرەی لە سەر پەروەردەی کەلار ئەوەیە ئەگەر کەلار حسابی قەزای بۆ بکرێت تەنها ناحیەکانی (رزگاری و باوەنور و شێخ تەویل)ی لەسەرە، بەڵام ئێمە ناحیەکانی (مەیدان، بەمۆ، قۆرەتو و کۆکس)یشمان لەسەرە لەگەڵ هەندێك لە گوندەکانی دەوروبەریان، ئەمەش گرفتی زۆری بۆ دروست کردوین و فشاری زۆری لەسەر دروست کردوین و گرفتی میلاکاتیشی بۆ هێناوینەتە ئاراوە.**

**دارا ئەحمەد سەمین، بەرێوبەری پەروەردەی گشتی گەرمیان، سەبارەت بە گرفتی کەمی مامۆستای میلاك لە ناوەندەکانی خوێندن دا، دەڵێت: "یەکێك لە کێشەکانی پەروەردەی گەرمیان کێشەی میلاکە، ئەویش بەهۆی گواستنەوەی راژەی مامۆستایان لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە یاخود مۆڵەتی بێموچە یان مۆڵەتی دایکایەتی ئەمانە وایکردوە گرفت روبدات لە سنوری پەروەردەمان، بەڵام لەگەڵ ئەمەش ئەمساڵ لە سنوری پەروەردەی کەلار و کفری لیژنەیەکمان پێکهێناوە بۆ رێکخستنەوەی میلاکات بۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشایانەی کەلە ناوەندەکانی خوێندن هەبون لە روی میلاکاتەوە".**

**وتیشی: لەگەڵ هەمو ئەمانەش گرفتی میلاك هەر هەیە بە تایبەت لە ناحیەی رزگاری، لە کەلار ئەو گرفتە چارەکراوە تەنها هەندێك ناوەند نەبێت کە پێویستیان بە مامۆستا هەیە ئەوانەش بە وانەبێژ پڕکراونەتەوە لە خانەقین هیچ گرفتێکی میلاکمان نیە.**

**سەبارەت بەوەی چەند پێویستمان بە مامۆستای میلاك هەیە، بەرێوەبەری پەروەردەی کەلار، عەدالەت لەتیف رایگەیاند: "بە داتا دەستنیشان ناکرێت چەندمان دەوێ، بەڵام ئێمە بە بەردەوامی**

**پێویستمان بە دامەزراندن و مامۆستای میلاك هەیە بە هۆی ئەوەی بەشێکی مامۆستایان مۆڵەتی بێموچە دەکەن یاخود کۆچ دەکەن و راژەکەیان دەگوازنەوە یاخود مۆڵەتی دایکایەتی وەردەگرن ئەمەش گرفتی بۆ دروست کردوین، بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتەش پەنامان بردوەتە بەر وانەبێژ بەهۆی نەبونی دامەزراندن ئەگەر چی بەشێکی زۆری گرفەتەکەی بۆ چارەکردوین، بەڵام ئێمە بە ناچاری ئەوە دەکەین چونکە ئەو مامۆستایانە ئاستی زانیاریان وەها نیە بەهۆی قەیرانی دارایی خولەکان راگیراون تا پێش وانە وتنەوە رێنماییان بدرێتی.**

**سەبارەت بە بونی گرفت لە میلاکات و دامەزراندنی مامۆستایان، بەرێوەبەری پەروەردەی کفری، ئیسماعیل سەمین، دەڵێت: ئێمە بەردەوام پێویستمان بە مامۆستای میلاك و دامەزراندن هەیە بەتایبەت لە بەشە زانستیەکان و زمانەکان، بەڵام وەك داواکردن ئێمە ناتوانین داوا بکەین بەتایبەت ئێمە کە ماوەی ساڵێکە یەکەی سەرپەرەشتیاریمان هەڵپەسێردراوە، چەندمان پێویست بێت وەزارەتی پەروەردە خۆی ساڵانە ئەڵێت ئەوەندە دامەزراندنمان هەیە و خۆیان ئەوە دەکەن تەنانەت بەشی پسپۆرییەکانی جیاکردوەتەوە لە گەڵ پەروەردەکان پەروەردەی گشتی گەرمیان ئەوە جێبەجێ دەکات کە چەند مامۆستامان پێویستە لە پسپۆرییەکان، ئەگەرچی چەند ساڵە دامەزراندن راگیراوە.**

**لەبارەی هۆکاری زیاد بونی گرفتی مامۆستای میلاك لە ناوەندەکانی خوێندن لە قەزای کفری و دەوروبەری، ئیسماعیل سەمین، ئەوەی وت: ئێمە یەکەی سەرپەرستیاریمان هەڵپەسێردراوە بەهۆی کەمی ژمارەی سەرپەرەشتیارەکان بۆ ماوەی یەك ساڵ، بۆیە ئێمە گرفتی ئەوەمان هەیە کەسی شارەزا نیە تاوەکو بەو کارە هەستێت کە میلاکات رێکبخاتەوە وەك پەروەردەی کەلار، ئەگەرچی ئێمەش لیژنەیەکمان پێکهێنا بۆ دانانی مامۆستای وانەبێژ لە ناوەندەکان و رێکخستنەوەی هەندێك میلاکات، بەڵام وەك ئەوەی پەروەردەی کەلار نەبو.**

**عوسمان عەلی مەحەمەد، بەرێوەبەری سەرپەرشتیاریکردنی پەروەردەی گەرمیان بە وەکالەت، دەڵێت: "کێشەی میلاك لە ناوەندەکانی خوێندنی پەروەردەی سنوری گەرمیان بە گشتی هەیە، بەتایبەت قەزای کفری و ناحییەی رزگاری و دەوروبەری، بەڵام ساڵی پار ئەم گرفتە زیاتر بو ئەمساڵ باشترە،**

**چونکە بۆ هەر بابەتێك گرفتی میلاك هەبێت بە وانەبێژ چارەکراوە ئەگەر چی چارەسەرێکی بنەڕەتی نیە و سالآنە سەرهەڵدەداتەوە، هۆکاری ئەمەش نەبونی دامەزراندنە بە هۆی قەیرانی دارایی".**

**وتیشی: هۆکاری زیاتری گرفتی میلاك لە قەزای کفرییە، چونکە یەکەی سەرپەرەشتیارییان بۆ ماوەی سالێك هەڵپەسێردراوە ئەمەش گرفتەکەی قوڵتر کردوەتەوە لەو قەزایە و دەوروبەری، بۆیە پەروەردەی کفری لیژنەیەکی دانا بەس بۆ ئەو مامۆستایانەی کە بە وانەبێژ وانە ئەڵێنەوە و رێکخستنی هەندێك میلاکات بە هاوکاری سەرپەرشتیاری کەلار.**

**یەکێك لە هۆکارەکانی دروستبونی بۆشای لە قوتابخانەکاندا مۆڵەتی بێ موچەی مامۆستایان و مۆڵەتی دایکایەتیە، لەم خشتەیە رێژەی ئەو مامۆستایانەی کە مۆڵەتی دایکایەتی ومۆڵەتی بێموچەیان وەرگرتوە لەگەڵ ئەو مامۆستایانەی وەکو وانەبێژ و گرێبەست لە سنوری پەروەردەی کەلار وکفری و خانەقینە بەم شێوەیەیە:**

| | مۆڵەتی دایکایەتی | مۆڵەتی بێموچە | وانەبێژ | گرێبەست |
|---|---|---|---|---|
| کەلار | 525 | 73 | 10 | 202 |
| کفری | 37 | 8 | 123 | 49 |
| خانەقین | 275 | 53 | ـــــــ | 40 |

## 4. ناعەدالەتی لە دابەشکردنی میلاك بەسەر ناوەندەکان دا:

جگە لە قەیرانی دارایی یەکێکی دیکە لە هۆکارە سەرەکیەکانی گرفتی قوتابخانەکان لە مامۆستای میلاك بەشێك لە مامۆستایان بۆ نەبونی میکانیزمێکی گونجاوی دابەشکردنی مامۆستایانی دەگێرنەوە.

م. بەرێز عەباس، شارەزا لە بواری پەروەردە، سەبارەت بە ناعەدالەتی لە دابەشکردنی مامۆستایانی میلاك بەسەر ناوەندەکان دەڵێت: "نەبونی پلانێکی رون لە ئیشراف و پەروەردە و زاڵبونی عیلاقاتی شەخسی بەسەر پەروەردە و دابەشنەکردنی مامۆستا بە شێوازێکی زانستی بەسەر ناوەندەکان، ئەمە بۆخۆی ناعەدلەتیەکە لە دابەشکردنی میلاك".

وتیشی: مامۆستای میلاك لە هەندێك ناوەند کەمە لە هەندێك ناوەند زۆرە، بۆیە لەو ناوەندانەی کە مامۆستا کەمە هەفتانە (22 یان 24) بەشە وانە ئەڵێنەوە، بەڵام لەو ناوەندانەی کە مامۆستا زۆرە (14) بەشە وانە دەڵێنەوە لە هەفتەیەك دا، ئەمەش ململانێی خستوەتە نێوان مامۆستایان و وایکردوە مامۆستایان هەوڵی ئەوە بدەن بگوازنەوە بۆ ئەو ناوەندانەی کە بەشە وانەیان کەمە، هەروەها بونی پەیوەندی هاورێیەتی لە نێوان مامۆستایان یاخود بەرێوەبەرەکان بۆ دابەشکردنی وانەکان لەگەڵ یەکتر وایکردوە هەندێك قوتابخانە ببێتە بە قوربانی".

سەریاس سەمین، مامۆستای ئامادەیی، سەبارەت بە ناعەدالەتی لە دابەشکردنی میلاك بەسەر ناوەندەکانی خوێندن دەڵێت: "لە میلاکات یەکێك لەو گرفتانەی کە وایکردوە ناعەدالەتی هەبێت لە دابەشکردن بەسەر ناوەندەکان ئەویش ئەوەیە پەیوەندی هاورێیەتی مامۆستایان یاخود داواکردنیان (تەکلیف) وایکردوە کە لە قوتابخانەیەك بگوازنەوە بۆ ناوەندێکی تر کە لە سنوری ماڵەکەی نزیکە ئەگەر ئەو قوتابخانەیەش پێویستی نەبێت ئەمەش وایکردوە ناعەدالەتی زۆر هەبێت و کەلێنك لەو ناوەندە دروست بکات کە بە جێیدەهێڵێت".

**وتیشی: راستە ئەمساڵ پەروەردە هەنگاوێکی ناوە بۆ رێکخستنەوەی میلاکات لە ناوەندەکان، بەڵام ئێستاش گرفت هەر هەیە لە زۆرێك لە قوتابخانەکان، چونکە هەندێك لە ناوەندەکان سێ مامۆستای پسپۆری هەیە بەڵام لە هەندێك هەیە تەنها یەك مامۆستای هەیە لە بابەتێك، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە قوتابخانەکان نزیکن لە ماڵەکەیان ناگوازنەوە بۆ ئەوە ناوەندەی کە پێویستی بە مامۆستایە ئەمەش بۆ خۆی ناعەدالەتیە.**

## 5. ستانداردی جیهانی بۆ ژمارەی فێرخواز بەراورد بە ژمارەی مامۆستا:

**سەبارەت بە ستاندارتی جیهانی چەند خوێندکار و مامۆستایەکی هەبێت، بەرێوەبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان وتی: "بۆ هەر (25) خوێندکار و قوتابی پێویستە مامۆستایەکی هەبێت تایبەت بۆ هەر بابەتێك، بەڵام لە کوردستان و بەتایبەت گەرمیان ئەمە پێچەوانە بوەتەوە نەك لە ستاندارد نەماوە بەڵکو رێژەیەکی خەیاڵی قوتابی و خوێندکارمان هەیە، لە بەرامبەر ئەو رێژە زۆرەش مامۆستامان کەمە".**

**وتیشی: ئەم گرفتە زیاتر پەروەردەی کفری و کەلاری گرتوەتەوە لەگەڵ ناحییەکانی دەوروبەری، بەڵام لە خانەقین ئەو گرفتە بونی نیە بگرە بۆ هەر (4) تەلەبە مامۆستایەکی بەردەکەوێت، بەڵام لە کەلار و کفری بۆ هەر (50) تەلەبە ئەگەر مامۆستایەکی بەربکەوێت، لە کاتێکیشدا بەس لە ناحییەی رزگاری پێویستمان بە (80) مامۆستای میلاك هەیە.**

**لە بارەی رێژەی ستاندارتی مامۆستا و فێرخوازەوە، بەرێوەبەری پەروەردەی کەلار باسیلەوەشکرد: "جیاواز لە رێژە ستانداردەکە لە سنوری پەروەردەی کەلار بۆ هەر (150) خوێندکارێك مامۆستایەك یان (2 )مامۆستایان دەبێت ئەمەش بەهۆی کەمی مامۆستا لە ناوەندەکان".**

# 6. میکانیزمی دابەشکردنی مامۆستایان بەسەر ناوەندەکانی خوێندن:

دارا ئەحمەد، بەرێوەبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان، سەبارەت بە میکانیزمی دابەشکردنی مامۆستای میلاك بەسەر ناوەندەکان دا دەڵێت: "دابەشکردنی مامۆستای میلاك بەسەر ناوەندەکان بە پێی ژمارەی هۆبەکانی خوێندنە، هەروەها بەپێی بازنەی خوێندنە ئێمە لە پەروەردەکان (4) بازنەی خوێندنمان هەیە (3) بازنەی بنەرەتی و (1) بازنەی ئامادەیی".

وتیشی: هەر قوتابخانەیەك ساڵانە چەند پۆلی زیاد بکات بەو پێیە مامۆستای بۆ دابین دەکەین، قوتابخانەمان هەیە ساڵانە (1) هۆبەی زیاد دەکات، بەڵام هی واشمان هەیە (3) هۆبەی زیاد دەکات بۆیە ئێمەش بەپێی ئەو هۆبانە مامۆستای میلاك دابەش دەکەین، ئەگەر چی ئێستا بەهۆی دانەمەزراندنەوە میلاکمان کەمە و وانەبێژیان بۆ دابین دەکەین.

بەڵام وەکو تێبینی دەکرێت ئەم میکانیزمانە بەتەواوی پێوەی پابەند نابن، بەتایبەتی کە هەندێکجار بەهۆکاری تەکلیف و نزیکایەتی گۆڕانکاری بەشوێنی مامۆستایان دەکرێت یان لەجێی خۆیان دەهێڵرێنەوە.

تائێستاش هەست بەهەوڵێکی جیدی نەکراوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی کۆدەنگی و گشتگیر، بیر لە دیاریکردنی بنەماکانی ئالیەتی دابەشکردنی مامۆستا لەگەرمیان بکرێتەوە، بەڵکو زۆربەی جار بە ئیجتیهادی شەخسی کراوە، لەو رووەوە هیچ پەیڕەوێکی گونجاو و پێویست بونی نییە.

## راسپاردەکان:

- زۆری ژمارەی فێرخوازان و ئەو زیادبونەی فێرخوازان و دانەمەزراندنی مامۆستا بە یەکێك لە گرفتە دیارەکانی پەروەردە دادەنرێت و قەیرانی داراییش هێندەی دیکە چارەسەرکردنی ئەم گرفتەی قورسکردوە، بۆیە دەبێت ئالیەتێك بدۆزرێتەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە.
- ئەگەرچی لەروی دەوام و ئەرکەوە هیچیان جیاواز نیە لە مامۆستای فەرمی، بەلام مامۆستا گرێبەستەکان رێژەیان زۆرەو لەروی دەرونیشیەوە دۆخەکەیان بۆخۆیان مایەی دودلیی و قەلەقییە، بۆیە واباشترە ئەو مامۆستایانەی کە پاش ئەزمونی چەند سالێك دەردەکەوێت سەرکەوتو و پێویستن، بکرێن بە فەرمانبەری فەرمی. هەروەها ئەگەر بەگرێبەست دەهێلرێنەوە، پێش کۆتایی هاتنی وادەی گرێبەستەکەیان ئەگەر ویسترا و پێویست بە راژەیان هەبو، گرێبەستەکەیان درێژ بکرێتەوە بۆ سالێکی تر، نەك مانگێك یان دوان تەواو بێت و دوبارە گرێبەستیان لەگەڵ بکرێت و ئەو مانگ و دوانەش قوتابخانەکە بێ مامۆستا بێت لەو بوارەی کە مامۆستا گرێبەستەکەی بۆ دانراوە.
- مۆڵەتی دایکایەتی و پێنەدانی موچە لە وادەی خۆیدا، کە مۆڵەتی بێموچەی مامۆستایانی زیادکردوە دو هۆکاری دیکەی گرفتەکەن.
- کەمی مامۆستای میلاك وایکردوە بەشێك لە مامۆستایان وانەیەك بلێنەوە کە دورە لە پسپۆری خۆیانەوە، بۆ ئەمەش دەبێت بە دابەشکردنەوەی پسپۆڕێتیەکان بەشێوەیەکی یەکسان و بەپێی رێژەی فێرخوازەکان کێشەکە چارەسەر بکرێت، یان خولی شیاندن بۆ ئەو مامۆستایانە بکرێتەوە کەوانەی بەدەر لە پسپۆڕێتی خۆیان دەلێنەوە..
- گۆڕانکارییکردنی زو زو و خێرا لە مەنهەجی خوێندن و سیستەمی پەروەردە، وایکردوە کادیرانی ئەو کەرتە کاتیان بوێت بۆ راهاتن، هەروەها هەندێك ناحالی بونی دروستکردوە، بۆنمونە وەك لە راپۆرتەکەدا هێمای بۆکراوە، مامۆستایانی خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس

ئامادەنین ببنە مامۆستای پۆلە بنەڕەتیەکانی وەکو یەك و دو، کەدەبێت ئەم کەموکورتییە چارە بکرێت.

- پێویستە ئالیاتی دابەشکردنی مامۆستایان بگۆڕیت و ئەم پرسە بەهەند وەربگیرێت و کۆنگرەو کۆنفرانسی تایبەتی بۆ ئەنجام بدرێت، چونکە هەمو سالێك ئەم کێشانە سەرهەڵدەدەنەوەو هەمو جارێکیش چارەسەرەکان بۆ ئەو کێشانە کاتیی دەبن نەك بنەڕەتی.
- ناعەدالەتیەکی زۆر هەیە لەدابەشکردنی مامۆستادا، هۆکاری سیاسیی و حزبیی لەپشت ئەم ناعەدالەتیەوەیە، بۆنمونە لەکاتێکدا لەکفری کەم قوتابخانە هەیە مامۆستای کەم نەبێت بەتایبەت پسپۆڕێتیە زانستیەکان، کەچی لەخانەقین مامۆستا زۆر زیادەو بە 4 فێرخواز مامۆستایەکیان بەردەکەوێت.

- **ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

**ئەحمەد حەمید ولی، سەرپەرشتیاری یەکە.**

**زریان محەمەد، دۆسیەی پەروەردە.**

**هونەر حەمید مەجید، دۆسیەی تەندروستی.**

**بۆپەیوەندی:**
07702303676– 07480207400
Radiodeng@yahoo.com
Radiodang.org